## لەم وەرزە پایزەدا ... خالید شەیدا

سە رنج دەدەم
چۆن دەریا
دە ست لە ملی شەپۆل دەکاو
ماچی دەکا
گوێ ڕادێرم
چۆن بە یەکەوە
گۆرانی بۆ کە نارەکەیان
دەچڕنەوە
چۆن باڵندەکان
لە سەر کەناری دەریا
دەنیشنەوە
چیرۆکی نەهامەتی ژیانیان
بۆ یەکتری دەگێڕنەوە
سەرنج دەدەم
چۆن ماسیەکان
لە دوای ژوانیان دێنەوە
گوێ ڕادێرم
کە چۆن بە یەکەوە
گۆرانی بەختەوەری
بۆ یەکتری دەڵێنەوە
سەری ماندو هیلاکیشیان
بە سەر یەکدا دەکەنەوە
سەرنج دەدەم
چۆن ئەستێرەکان
لەم ئاسمانە پان و پۆڕە
لە یەکتری نزیك دەبنەوە
لە ئاهەنگی
لە دایك بوونی ئەستێرەیەك
گۆرانیەکی تازە
بە یەکەوە دەڵێنەوە
سەرنج دەدەم
چۆن کچانی لادێ
کە ئێوارە دادێ
زۆر لە سەرخۆ و بە هێواشی
دەخزێنە پەنا دارێکەوە
خۆیان لە ناو ژوان

دەدۆزنەوە
چاوەڕوانن
چۆن ماچی ئەم شەو
بقۆزنەوە
سەرنج دەدەم
چۆن ڕاوچییەکانی
سەر کەناری
هەر ڕووبارێك و دەریایەك
بە دڵی پڕ لە ئاخ و ئۆفەوە
ڕاوەکەیان بە تاڵ دەکەن
کەناری ڕووبار و دەریا
بە جێ دێڵن
بەرەو ڕووی ماڵ دەبنەوە
لە ماڵەوەش
نانی ووشك
باوەشیان بۆ دەکاتەوەو
دڵ خۆشیان دەداتەوە
سەرنج دەدەم
لە ئەنفالەکان
کە چۆن بە کۆمەڵ
خراونەتە یەك گۆرەوە
بە بێ تە رقین و
خامە سپی یەکەوە
دایکەکانیش
چاوەڕێنە
باوەشیان بۆ کردونەوە
ڕۆژێك لە ڕۆژان
بێنەوە
ئەو چاوەی پڕ
لە فرمێسکە
تا گەشی بکەنەوە
ئەو دڵەی پڕ
لە ئاخ و ئۆفە
دڵ خۆشی بکە نە وە

ئەلمانیا. . . هانۆڤەر. . 26. 10. 05